# کاریگەری پاکتاویی(جیٚنوسایدی)زمانی و کاریگەرییان لەسەر دانە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردی (دەڤەری خانەقین بە نموونە)

عومەر عادل عەبدوڵلا

دیارە مرۆڤ بە زمان بیر دەکاتەوە، واتا بیرکردنەوەکانمان دەرهاویشتەی زمانن، لە ئانوساتی پەککەوتنی بیرکردنەوەنماندا، ئەو ڕاستەوخۆ زمان پەککی دەکەویٚت، واتا بیرکردنەوە و نووسین کۆڵەکەی زیندوو ڕاگرتنی زمانە. مەرج نییە، هەموو کات جینۆسایدی لە ئاستە مرۆییەکاندا خۆی بنویٚنیٚت، وەک: کۆمەڵکوژی وکیمیا بارانکردن و ئەنفالکردن و هتد، بەڵکو هەندیٚکجار جیٚنوسایدی لە ئاستی کلتووری و کۆمەڵایەتییدا ڕوودەدات و پاکتاوکەران هەوڵی سڕینەوەی میٚژوو و شارستانیەت دەدەن. ئەگەر لە ڕووی خەساری نەتەوەییەوە لیٚکیبدەینەوە، ئەو پاکتاوە کلتوورییەکان، لە پاکتاوە مرۆییەکان ترسناکترن.

*ناونیشانی توێژینەوەکە:*

*لەم توێژینەوەدا باسی کاریگەری پاکتاوی زمانی لەسەر زمانی کوردی و دانە فەرهەنگیەکانی زمانی کوردی لە ناوچەی خانەقین دەکەین*

*ئامانجی توێژینەوەکە:*

*ئامانجمان لەم توێژینەوەیە، دەرخستنی کاریگەرییە خراپ و نێگەتیڤەکانی جینوسایدی زمانی لەسەر دانە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردیە لە ناوچەی خانەقین.*

*هۆکاری توێژینەوەکە:*

*هۆکاری ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە هەوڵێکە بۆ هۆشیارکردنەوە ئاخێوەرانی زمانی کوردی لە دەڤەری خانەقین و خستنەرووی مەترسییەکانی سەر زمانی کوردی لەو دەڤەرەدا.*

*توێژینەوەکانی تر:*

*لە بواری توێژینەوەی زمانی کوردیدا، چەند توێژینەوەیەک لە مەڕ پاکتاویی زمانییەوە ئەنجامدراوە، هەریەک لەو توێژینەوانە، بە بابەتێک یان لایەنێکی تر زمانەوە پەیوەستی کردووە. ئێمەش لێرەدا بۆ خواست و مەبەستی خۆمان بەکارمانهێناوە.*

## پێشەکی:

زمانی کوردی چەندین شێوەزار لە خۆ دەگرێت، کە بەسەر زارەکانی زمانی کوردی دابەشبوون، ئەم دابەشبوونە بەهۆی کۆمەڵێک هەلومەرجی شوێنکەوتە و کۆمەڵایەتییەوە هاتۆتە کایەوە. هەندێک لەوە شێوەزارانە، بەهۆی نزیکییان لە ناوچە سنوورێیەکانی زمانەکانی ترەوە، ڕووبەڕووی جۆرێک لە مەترسی توانەوە دەبنەوە. دیارە زمانی کوردی لە ناوچە جێناکۆکەکان بە گشتی و دەڤەری خانەقین بە تایبەتی ڕووبەڕووی جۆرێک کزکردن و سەرکەوتکردن بۆتەوە، لێرەدا ئاستی هۆشیاری ئاخێوەر و هەستی نەتەوایەتی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە پاراستنی زمانی کوردی، ئەگەر ئاخێوەرانی هەست بە مەترسی بکەن. یەکێک لەو هۆکارانە کە شوناسی نەتەوەیی و نیشتمانی تاک تووشی قەیران دەکات نەمان و لە نێو چوونی زمانەکەیەتی. زۆرن ئەو نەتەوانەی کە سەرەڕای مانەوەیان، بەلام بە هۆی لەنێوچوونی زمانەکەیان، بەو نەتەوەیە هەژمار دەکرێن کە بە زمانەکەی دەدوێن. بۆ ئەوەی نەتەوەی کوردیش لە داهاتوودا بەشێک لە نەتەوانە نەبێت، پێویستە هەوڵەکانمان بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر زمانی کوردی چڕ بکەینەوە. نەمانی زمان و لەناوچوونی، یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دۆسیەی نەتەوەیی و نیشتمانی تاک دەخاتە بەردەم پرسیار و گومانەوە، چونکە لە ڕابردوو زمانە گەلێک لەناووچوون، بەڵام وەکو نەتەوە ماونەتەوە، کەچی بەهۆی نەمانی زمانەکەیانەوە، بەو نەتەوە هەژمار دەکرێن کە بە زمانەکەی دەدوێن. بۆ ئەوەی ئێمەش بەشێک نەبین لەو نەتەوانە لە داهاتوودا، پێویستە مشوورێکی زمانەکەمان بخۆین لە ڕێگەی توێژینەوە و لێکوڵینەوەکانەوە.

## زاراوە و دەستەواژەی پاکتاوی زمانی:

جینۆساید، زاراوەیەکی دیار و بینراوی نێو کۆمەڵگەی کوردییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەزموونە تاڵ وخراپانەی کە کۆمەڵگەیە کوردی لەگەڵ ئەم زاراوەیەیدا هەیبووە. لە بەرانبەر ئەم زاراوەیە لە زمانی کوردییدا؛ چەند زاراوەیەک داتاشراوە، کە بەشێوەیەکەی گشتی هەمان مەبەست دەپێکن، وەک: پاکتاوکردن، کۆمەڵکوژی، ڕەشەکوژی، گەلەکوژی، هتد، ڕەگی "زاراوەی جێنۆساید(Genocide) لە دوو برگە پێکهاتووە، یەکەمیان(Genos)ی یۆنانی بە مانای ڕەگەز و ئەوتریان (CIDE) ی یۆنانی یان(ceadere) لاتینی مانای کوشتن دەگەیەنێت و بەسەر یەکەوە مانای کوشتنی ڕەگەزی مرۆڤ دەبەخشێت و لە مەفهوومدا مەبەست کوشتنی بە کۆمەڵ یان قڕکردن یان کۆکوژییە"(هەژار عەزیز سوورمێ،٢٠٠٦:٢٠).جێنۆسایدی زمانی لە ڕووی زاراوەوە، لە زمانی ئینگلیزیدا پێدەوترێت(linguicide)، ئێمەش بە پێ تایبەتمەندی زمانی کوردی دەتوانین زاراوەی (زمانکوژی) یان بە دەستەواژەکانی(پاکتاوی

زمانــی) یان( قڕکردنی زمانــی) ناوی ببەین. زمان، هەمــان تایبەتمەنــدی بوونەوەرێکی زیندووی هەیە، لە دایک دەبێت و دەمرێت و لە ناو دەچێت، بەڵام چارەنووســی لەناوچوون و مانــەوەی تارادەیــەک بە دەســتی مرۆڤ دایــە، چونکــە بەکارهێنانــی دەبێتە هۆی زینــدوو ڕاگرتنی زمانەکە و بــە پێچەوانەوە بەکارنەهێنــان و پشتگوێخســتنی لەلایەن ئاخێوەرانەوە دەبێتە هۆی پووکانەوە و مردنی ئەو زمانە. هەر بۆیە لە پێناسەی مردنی زماندا وتراوە:"مردنی زمان یــان لە ناوچوونی زمان بەو زمانە دەوترێت کە دوا کەســی ئاخێوەری ئەو زمانە دەمرێت و کەســی دی دوای خۆی نییە قســەی پێ بکا."( ســوداد ڕەسول،٣٨: ٢٠١٤) بە گشــتی کۆمەڵێــک هەلومەرج و فاکتۆر لەســەر مردنی زمانێــک کاریگەرن. لێــرە دەمانەوێت یــەک لــەو هەلومەرجانە بخەینــەڕوو کــە ئەویش پاکتــاوی زمانییە. پاکتاوی زمانیی ڕۆڵێکــی بەرچاوی هەیە لە سڕینەوە و لە ناوبردنی نەتەوەکان. وەهەروەها یەکێک لەو ڕێگایانەیە کە دەسەلات و نەتەوە زاڵەکان بــەکاری دەهێنن، بــۆ کەمکردنەوە مۆرکی نەتەوایەتی هــەر نەتەوەیەک. چونکە زمــان وەک گرنگترین کۆڵەکەی شوناســی هەرنەتەوەیــەک دادەنرێــت. وێــرای ئەمە هەرتاکێک بــە کۆمەڵێــک تایبەتمەندییەوە دەناســرێتەوە کــە یــەک لــەوان زمانــە. ئەگــەر خــودی جینۆســاید "تاوانەکانــی دژی مــرۆڤــایــــەتی بێت"(د.ســالار باســیرە،٦:٢٠١٣) بێگومــان جینۆســایدی زمانــی بەشــێکە لــەو تاوانکارییــە و دەتوانیــن وەکــو تاوانێکــی کلتــووری و نەتەوەیــی هەڵیســەنگێنین, یــان ڕوونتــر بڵێیــن: ئەگــەر جێنۆســاید لەناوبــردن و کوشــتنی بــە کۆمــەڵ بێــت ، ئــەوە جێنۆســایدی زمانــی، لەناوبردنــی دانــە فەرهەنگییەکانــی زمانــە، ئەمەیــان زەقتریــن بەڵگەیــە، بــۆ ئــەوەی قەدەغەکــردن و چەوســاندنەوەی زمــان، بــە جێنۆســایدی زمانــی نــاوزەد بکەیــن. بەڵگەیەکــەی ترمــان ئەوەیــە کــە جێنۆســاید مانــای" زیــان گەیانــدن بــە

لــەش و شــێواندنی بیــری کۆمەڵــە"(د. مــارف عومــەر گــوڵ، ٢٦:٢٠١٠) دیــارە مــرۆڤ بــە زمــان بیــر دەکاتــەوە، واتــا بیرکردنەوەکانمــان دەرهاویشــتەی زمانــن، لــە ئانوســاتی پەککەوتنــی بیرکردنەوەنمانــدا، ئــەو ڕاســتەوخۆ زمــان پەککــی دەکەوێــت، واتــا بیرکردنــەوە و نووســین کۆڵەکــەی زینــــدوو ڕاگـــــرتنی زمــــانــــــــە. مــەرج نییــە، هەمــوو کات جینۆســاید لە ئاســتە مرۆییەکاندا خــۆی بنوێنێت، وەک: کۆمەڵکوژی وکیمیــا بارانکردن و ئەنفالکردن و هتــد، بەڵکــو هەندێکجار جێنوســاید لە ئاســتی کلتووری و کۆمەڵایەتییدا ڕوودەدات و پاکتاوکــەران هەوڵــی ســڕینەوەی مێژوو و شارســتانیەت دەدەن. ئەگــەر لــە ڕووی خەســاری نەتەوەییــەوە لێکیبدەینەوە، ئەو پاکتاوە کلتوورییەکان، لە پاکتاوە مرۆییەکان ترسناکترن. چونکە لە پاکتاوی مرۆییدا ڕەنگە چەند هەزار کەســێک لە پاکتاو بکرێن، بەڵام دوای ئەو کەسانی تر لە دایک دەبن و ڕێژەکە تارادەیەک دێتە باری ئاسایی خۆی، بەڵآم لە پاکتاوە کلتوورییــەکان، بناغەی نەتەوەیەک وەک دروشــمە نەتەوەییــەکان، خاک، ویژە، زمــان و داب و نەریــت و بۆنە نەتەوەییەکان کە کۆڵەکەی نەتەوەن لە ژێر مەترســی دان. ئەگەر ئەمانە لە ناوبچن، ڕاســتەوخۆ خۆدی نەتەوەکــەش لەناودەچێــت. ئەم جــۆرە لە جینۆســاید، جینۆســایدی کلتوورییە کە " قەدەغەکردنــی زمانی زگماک و شــێواندنی مێــژوو و کلتــووری کۆمەڵــە مرۆڤێک، یان سڕینەوە شارستانیەت و مێژوو دەگرێتەوە "( گەیلان عەباس، جەبــار ئەحمەد، ٨:٢٠٢١) مەرج نییــە، پاکتاوی زمانی بەشــێوەیەکی پلاندارێژراو ئەنجام بدرێت، بەڵکو هەندێکجار بەشێوەیەکەی خۆرسک و هەرەمەکی بەرێوە دەچێت، بۆ نموونە" هەنــدێ جار ململانێی نێوان زمانەکان جا بە هۆکاری سیاســی بێت یان ئاینی یان هەر هۆکارێکیتر دەبێتە مایەی لە ناوچوونــی زمانێک ئەمە زیاتر لە ململانێ سیاسی و ئاینییەکاندا ڕوودەدات چونکە هێزی دەسەڵاتدار و براوە لەو ململانێیانەدا بە هەموو

شـێوازێک هەوڵـی سـڕینەوەی زمانانی بن دەسـتی خۆی دەدات ئەمە بۆ خۆی دەچێتە قاڵبی جێنۆسـایدی زمانـەوە"(د.دارا حەمید محەمـەد، ۲۰۱۷:۳) کەواتە ڕامیاری و ئایین دوو ڕێڕەوی ڕێگەخۆشـکەرن بۆ سەرهەڵدانی یاخـود ئەنجامدانـی ئـەم جـۆرە پاکتاوە. بـۆ نموونە لە سیاسـەتدا، زمانـی نەتەوەی دەسـەڵاتدار دەبێت بە زمانـی فەرمی وڵات و زمانەکانـی تر پەراوێز دەخرێن. سـەبارەت بە ئاینیش بە هەمان شـێوە. هەندێکجاریش ئـەم پاکتاوە بە ئەنقەسـت ئەنجام دەدرێت، لە ڕێگـەی بڕیارێکی سیاسـییەوە خوێندن بەو زمانـە قەدەغـە دەکرێـت، ئەمەش بۆ خـۆی کاریگـەری نەرێنی لەسـەر زمانەکە بەجێدەهێڵێت. هاوکات لـە گەڵ ئەوەی کە زمانێـک دەبێت بە زمانـی فەرمی وڵاتێک، زمانەکانـی تر پشـتگوێ و پەراوێز دەخرێن.

## یەکە فەرهەنگییەکانی زمان:

فەرهەنـگ، تۆمارگە و کۆکەرەوەی وشـەکانە. چونکـە وشـەکان لـو خـۆ دەگرێـت و بە پێی پێویسـت لـە پرۆسـەیەکی ئاوەزمەندانـەوە بـە کاریـان دەهێنێـت. بێگومـان ئەمـەش پرۆسـەیەکی خۆرسـک نییـە، بەڵکـو وەک ئـەندامانی جـەستە بـە شێوەیەکی ڕێـک و پێـک و بـە دیسـپلین بـەڕێوە دەچێت"فەرهەنـگ لـە زمانـی کوردیـدا بـەو پەرتووکـە دەگوترێـت، کـە ئەرکـی گەنجکـردن وشـە و زاراوەکانـی هەیە، لەباتی فەرهەنگیش دەتوانین وشـەدان یان وشـەنامە بەکاربهێنین"(عـومـەر عـادل عەبدوڵلا، ۲۰۲۳:۸۲) بـەڵام کەسـانێکیش جیـاوازی دادەنێـن لە نێوان فەرهەنگ و وشـەنامەدا. بە بۆچوونـی ئەوان وشـەنامە تەنیـا کۆکەرەوەی وشـەکانە و زیاتـر بـۆ فەرهەنگی یـەک زمانی و دوو زمانـی بەکاردەچێـت، بـەڵام فەرهەنگ لەگـەڵ ئـەوەی کـە وشـەکان کۆدەکاتـەوە، زانیـاری و لێکدانـەوەی وشەکانیشـی تێدایە. کەواتە"وشـەی فەرهەنـگ، بـۆ ئامـاژەدان بـە کتێبێـک کـە زۆرتریـن ژمـارەی وشـە زمانەکـەی لەخۆگرتووە، لەگـەڵ ڕوونکردنەوە و لێکدانـەوەی ماناکانـی، بـە مەرجێـک کـە کەرەسـتەکان بـە ڕیزبەندییەکـی تایبـەت ڕێکبخرێن."(سمـــــاح غفـال،۲۰۱۲:۶) یـان "فەرهەنگـی زمـان تێکرای وشـەی زمانێک(نوسـراو و نەنوسـراو و گوتـراو و نەگوتراو ماو و لەناوچوو و زاڵ و ژێردەستە و ستت و چالاک) لە خۆدەگرێت، لەبەر ئەوەی جیهانی وشـە فراوانە گەنجینەیەکی گەورەی زمانەکە پێکدەهێنێت، هەتا وشـەکانی گەشە و نەشـونما بکەن، ئـەوا فەرهەنگەکەشـی دەکات و زمانەکـەش فەوتـان و لەناوچوون دەپارێزێت"(عوسـمان کەریم عەبدولڕەحیم، سـاڵ...:۳)بەڵام بـە پێچەوانـەوە، ئەگـەر فەرهەنگ بـۆ زمانەکەمـان دانەرێژین، ئەوە ئەگەری پووکانەوە و لەناوچوونی لە ئارا دایە. " یەکەی فەرهەنگی، ئەو یەکە سەرەکییەیە، کـە لیسـتەکانی وشـە پێکدەهێنن"(احمد موختـار عمر،۱۹۹۸:۲۴) هەر وشـەیەک لە نێوان فەرهەنگدا وەکو یەکەیەکی فەرهەنگی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و ڕۆڵی کارای هەیە لە ڕۆنانی گەورترە لە نێو زماندا. ئەوەش ئاشکرایە، زۆر بوونـی یەکە فەرهەنگییـەکان لە زماندا دەبێت هۆی فراوانبوونـی پانتایی فەرهەنگی زمانەکەمان و "بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمـان، پێویسـتمان بـە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگەکەی خۆی هەیـە، ئەویش بەهۆی بوونی پەیوەندیەکی بەتیـن گرنگ لە نێوان فەرهەنگ و زمان. بە کۆی دانەکانی فەرهەنگ دەوترێ زمان، بەڵام ناتوانین بە کۆی دانەکانی زمان بڵێین فەرهەنگ چونکە زمان فراوانترە لە فەرهەنگ."(ڕۆژان نووری عبدالله، ۲۰۰۷:۱۰) بەمشێوەیە دانە فەرهەنگییەکانی زمان، وەکو بەشـێک نەبڕاوە لـە زمان سـەیر دەکرێت. یەکە فەرهەنگییەکان بەو کەرەستە زمانییانە دەوترێـن، کـە چوونەتەوە نێـو فەرهەنگی زمانـەوە و جێی خۆیـان کردۆتەوە و مرۆڤ بە پێی پێویسـت لەسـەروبەندی ئاخاوتندا بەکاریـان دێنێت. هەروەها ئەم کەرەسـتە هەنگاوی سـەرەتایین بۆ ئەوەی کەرەستەی ئاڵۆزتری لێ دروست بکرێت، ئەمەش بە پێی پێویسـت و خواسـتی کۆمەڵ بۆ ڕۆنانی ئەو

وشەیە وەک ڕێگەیە بۆ ناسینەوەی ئەو شتەی یان ئەو واتایەی کە وشەکەی بۆ دروست دەکرێت. هەر بە یارمەتی دانە فەرهەنگە سادەکان، دەتوانین لە زمانی کوردیدا چەندین دانەی فەرهەنگی لێکدراو و داڕێژراو دروست بکەین، بۆ نموونە وشەی (گوڵ) وەکو دانەیەکەی فەرهەنگی سادە دەتوانین چەندین دانەی فەرهەنگی تری لێ دابڕێژین، بۆ نموونە وەک:( گوڵان، گوڵباخ، گوڵاڵە،...)

## پرۆسەی جینۆسایدی زمانی لە دەڤەری خانەقیندا:

ئەگەرچی نەتەوەی کورد ڕووبەڕووی هەموو جۆرە جینۆسایدێکی جەستەیی بۆتەوە و بە شێوازی جۆراوجۆر ئەشکەنجە و ئازار دراوە، لەگەڵ ئەمەشدا، ڕووبەڕووی جینۆسایدی کلتووری و ڕۆشنبیری بۆتەوە، کە گرنگترینی، جینۆسایدی زمانییە. دەڤەری خانەقین، وەکو بەشێک لە ناوچە جێناکۆکەکان، هەمیشە بەر شاڵاوی هێزە داگیرکەرەکان کەوتووە. بەڵام پاش ڕزگارکردنی ئەو ناوچانە، شوێنەواری ئەو داگیرکارییە هەر بە نێو چاوی ئەو دەڤەرەدا ماوەتەوە، بە تایبەتی لە ئاستی زماندا. لەبەرئەوەی کە ئەو ناوچانە بەردەوام لە ژێر هەرشە و ڕاگواستن و بە عەرەب کردندان، زمانی کوردی لەو دەڤەردا دەچەوسێندرێتە و لاوازکراوە. ئەم هێرش و چەوساندنەوەیە گەیشتۆتەوە ئاستێک کە دەتوانین وەک پاکتاویی زمانی پێناسەی بکەین. لەخوارە گرنگترین هۆکارەکانی لاوازبوون و توانەوەی زمانی کوردی لە ناوچەی خانەقین باس دەکەین:

### ١ لاوازبوونی خوێندنی کوردی لە دەڤەرەکە:

لە ناوچە دابڕاوەکاندا، باوکان و دایکان زۆر کات منداڵەکانیان دەخەنە بەر خوێندنی عەرەبیی، بە بیانووی ئەوەی لە داهاتوودا سوودی بۆ نەوەکانیان هەیە و زیاتر هەلی کار و هەلی دامەزراندن دەستدەکەوێت، بێگومان ئەمەش زیانێکی گەورە لە زمانی کوردی دەدات، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو نەوە لە داهاتوودا لە ڕووی زانستییەوە ئاشنای زمانەکەیان نەبن و سۆز و هەڵوێستێکی نەتەوەیی بەرانبەر بە زمانەکەیان نەنوێنن. هەروەها"بۆ پاراستنی زمان و زارەکان لە فەوتان کۆمەڵێک ڕێگە هەن، یەکێک لەو ڕێگەیانە خوێندنێتی بەشێوەیەکەی ڕێک و پێک لە سیستەمی پەروەردەی ئەو وڵاتەدا"(سوداد ڕەسول،٢٠٢١:١١٠) ئەگەرنەوەکانی داهاتوو کوردی بخوێنن، دەتوانین پێش بە فەوتانی زمانی کوردی بگرین، پێچەوانەی ئەوە گرفت و قەیرانی زۆری لێدەکەوێتەوە. بە پێی ئامارێکی کەناڵی ڕووداو لە ڕێکەوتی (١٢-٠٩-٢٠٢٢) ئاماژەی بەوە کردووە؛"خوێندن بە زمانی کوردی لە سنووری خانەقین ساڵ لەدوای ساڵ کەمتر دەبێت و خوێندنی عەرەبی جێگەی دەگرێتەوە. ساڵی ڕابردوو ٢٥٢ قوتابی خراونەتە بەر خوێندنی کوردی لە بەرامبەردا ٣٥٧٠ قوتابیی کورد چوونەتە قوبخانە عەرەبییەکان"ئەمەش پاساوێکە بۆ حکومەتی عێراق بۆ ئەوە زۆرێک لە قوتابخانە کوردییەکان لەو شارە دابخات

### ٢ لاوازبوونی پێگەی ڕامیاری و نەتەوەیی کورد لە دەڤەرەکە:

ڕامیاری و جووڵانەوە سیاسییەکان کاریگەریی زۆریان هەیە لەسەر بە هێزبوون لاوازی زمانێک. وەک چۆن منداڵێک لە پشت تواناکانی باوکی یان دایکی چەند چالاکی ئەنجام ەدات، زمانیش لە پشت هێزی ڕامیارییەوە دەتوانێت باڵای خۆی بەرز بکاتەوە و بوونی خۆی بسەلمێنێت. زمان لە ئاست پرسی نەتەوەییدا،" دەبێتە پێناسەی نەتەوە و بە بەشێک لە ئاسایشی نەتەوەیی دادەنرێ، تەنانەت پیرۆزی و خۆشەویستی و شیرینی زمان دەگاتە ڕادەیەک کە تاکەکانی نەتەوە لە پێناویدا دەبنە قوربانی و شۆڕش لە پێناویدا

دەگێرن.زمانی کوردیش نموونەی زەقی ئەم دیاردەیە."(د.قەیس کاکل،۲۰۰۷:۷).
لە دەڤەری خانەقیندا، بە تایبەتی دوای ڕووداوەکانی شانزەی ئۆکتوبەر و لاوازبوونی پێگەی ڕامیاری کورد، زیاتر هەوڵی پەکخستن و توانەوە زمانی کوردی لەو ناوچەیە دراوە، چونکە لەو ماوەیەدا، هێزێکی ڕامیاری نەبوو، بەرگری لە زمانی کوردی بکات و بەری ئەو لێشاوە و ئەو ستەمە بگرێت، کە بەرانبەر بە زمانی کوردی دەکرێت.

### ۳ بەردەوامی پرۆسەی بەعەرەبکردن لە دەڤەرەکە:

لەسەردەمی حکومڕانی بەعسەوە، تارمایی تەعریب هەمیشە باڵی بەسەر ناوچە دابڕاوەکاندا کێشاوە. ئەمەش کاریگەری نەرێنی لە سەر زمانی کوردییەوە هەبووە و وایکردووە کە زمانی عەرەبی بە سەر زمانی کوردیدا زاڵ ببێت. دیارە قۆناغەکانی بە عەرەبکردنی کوردستان بە چوار قۆناغدا تێپەڕیوە، کە ئەمانەی خوارەوەن:

"قۆناغی یەکەم(۱۹۲۵-۱۹۵۸) سەردەمی پاشایەتی
قۆناغی دووەم(۱۹۵۸-۱۹۷۴) سەردەمی کۆماری
قۆناغی سێیەم(۱۹۷۴-۱۹۹۰) سەردەمی بەعس
قۆناغی چوارەم(۱۹۹۰-تا ئێستا) دوای ڕاپەڕین"
(غەفوور مەخمووری،۲۰۱۰:۲۶)

لە هەموو قۆناغەکاندا، زمانی کوردی پشکی خراپی بەرکەوتووە، بەڵام لە هەندێک قۆناغیش بوژانەوە و تازەبوونەوەی بەخۆوە بینیوە.

### ۴ خواستی ئاخێوەران دەڤەرەکە، بۆ زیاتر ئاوڕدانەوە لە زمانی عەرەبی:

بە بیانووی ئەوەی کە زمانی عەرەبی باڵادەستترین زمانە لە عێراقدا و لە سەرتاسەری وڵاتدا کاری پێدەکرێت، وایکردووە، ئاخێوەرانی ئەو ناوچانە، زمانی کوردی پشتگوێبخەن واتە ئەوان زمانێک زیاتر بە کاردەهێنن کە لە گەڵ بەرژوەندییەکان یەکدەگرێتەوە.

### ۵ بەکارهێنانی زمانی عەرەبی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یەکێکە لەو جێگەیانەی کە بە ڕێژەیەکەی زۆر زمانی تێدا بەکاردێت، لە هەمان کاتدا، یەکێکە لەو شوێنانەیە، کە ستەم بەرانبەربە زمان دەکات. چونکە ئاخێوەران لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەندێکجار بەشێوەیەکەی نارێک زمان بەکاردەهێنن، واتا لە ڕووی ڕێنوس و دەنگسازییەوە، بەرانبەر بە زمانەکەیان کەمتەرخەمن. لە دەڤەری خانەقیندا، هەندێکجار ئاخێوەرانی زمانی کوردی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا بە زمانی عەرەبی دەنووسن و شتەکانیان بڵاو دەکەنەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەکارهێنرانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان زیاتر زمانی عەرەبی بناسن و ئەوەش کاریگەرییەکی ڕوونی هەیە بە سەر زمانی کوریدا.

## کاریگەری پاکتاوی زمانی لەسەر دانە فەرهەنگییەکانی شێوەزاری کەلهوڕیی خانەقینیی:

ئەو شێوەزار و زمانانەی کە دەکەونە ناوچە سنوورییەکانەوە لەگەڵ زمانەکانی تر دەتوانن لەسەر یەکدی کاریگەریی دابنێن، ئەم کاریگەرییەش پەیوەندیی بە زاڵبوون و هێژموونی زمانێک بەسەر زمانیکی ترەوە هەیە. ئەگەر سیاسەت، دەسەڵات لە پشت زمانێکەوە بێت، دەتوانێت زمانەکەی تر بخاتە ژێرکاریگەریی خۆی و پاشماوەی نەرێنی لەسەر زمانەکە بەجێبهێڵێت. ناوچەی خانەقین، زۆربەی دانیشتووانی بە شێوەزاری کەلهوڕی قسە دەکەن، دیارە "زاری کەلهوڕی، هەر تیرەی کەلهوڕی قسەی نادەکەن، بەڵکو گشت ئەو هۆزە کوردانە قسەی پێدەکەن کە لە نێوان کرماشان شارەباندا، بە ڕێگای کرماشان-خانەقی، تا سنووری وەچەزاری فەیلی و لەکستان دەژین، جگە لە خێلی سنجاوی."(نیعمەت عەلی سایە،۲۰۰۴:۵)جا ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ ناوچەی خانەقین، ئەوە دەبینین, هەموو خێڵەکانی ئەو ناوچەیە، وەکو (کەلهوڕ و

باجەڵان و سوورەمەیلی و ئەرکەوازی و هتد) بەو شێوەزارە قسە دەکەن، بێگومان شێوەزاریش بە پێی ناوچە دەگۆڕێت. ئەگەرسەرنجمان دابێت، ئەوە شێوەزارە کەلهورییەی کە لە ناوچەی خانەقین قسەی پێدەکرێت، جیاوازی هەیە، لەگەڵ ئەو شێوەزاری کەلهورییەی کە لە ناوچەکانی کرماشاندا قسەی پێدەکرێت. "خانەقین وەکو ناوەندی ناوچەی گەرمەسێر، یەکێک لەو شارانەیە کە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێگەیەکی دیاری هەبووە و بەهۆی هەڵکەوتەی ژئۆپۆلیتیکی ئەو شارە، جێگەی ململانێی هێزە هەرێمیەکان بووە"( ئەدهەم رمضان، ئاریان ڕەئوف،٢٠١٧:٣٥٢) لە ڕووی شوێنکەوتەوە، ئاخێوەرانی ئەم شێوەزارە دەکەونە ناوچە جێناکۆکەکانی کوردستانی باشوورەوە، کە هەمیشە پشکی پڕۆسەی بەعەرەبکردن و ڕاگواستنی بەرکەوتووە، ئەم بە عەرەبکردن و ڕاگواستنە بەشێوەیەکی فەرمی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی بەعس. بەشێوەیەکی گشتی"هەموو گوندەکانی خانەقین بەر ڕاگواستن و بەعەرەبکردن کەوتوون"(ئەمین قادر مینە، ٢٠١٢:٢٧١) بێگومان ئەمەش کاریگەری کردۆتە سەر نەتەوەی کورد و زمانی کوردیی، لە زمانیشدا لایەنی فەرهەنگسازی شێوەزاری خانەقینی دانە فەرهەنگییەکانی وەلانراوە و هەندێک لە دانە فەرهەنگییەکانی زمانی عەرەبی شوێنی گرتۆتەوە. هەرچەندە کەسانێک هەن، وا دادەنێن ئەم دانە فەرهەنگییانە لەگەڵ دانە فەرهەنگییەکانی تر بوونەتە بە هاوواتایی لە زمانی کوردیدا، ئەم تارادەیەک قبوڵکراوە، چونکە یەکێک لە ڕێگاکانی دروستبوونی هاوواتایی وشە وەرگرتنە لە زمانانی تر،واتا:"خواستن و وەرگرتنی وشە لە زمانانی تر دیاردەیەکی ئاسایی زمانییە یەکێکە لە سەرچاوە گرنگ و بنەڕەتیانەی کە دەبێتە هۆی فاکتەری سەرهەڵدان و دروستبوونی دیاردەی سینۆنیم لە نێو زماندا.دیارە خواستنی وشە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەرئەنجامی کارتێکردن و لێکنزیکبوونەوەیانەیە لە یەکتر ئەمەش دەگرێتەوە بۆ هۆکاری کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، سیاسی، گەشتوگوزاری، ئابووری، بەجیهانیبوون و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و هتد"(ڕۆستەم محەمەد ئەحمەد، ٢٠١٦:٥٠) بەڵام گەر ئەمە بوو بە دیاردە، ئەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر زمانەکە دەبێت و هۆکارێکە بۆ ئەوەی وشە ڕەسەنەکانی زمانەکە پشتگوێبخرێت. ئەم دیاردە لە ناوچەی خانەقیندا بەدی دەگرێت, لە ئاخێوەران دانە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردییان پشتگوێخستووە و باڵییان بۆ دانە فەرهەنگییەکانی زمانی عەرەبی کردۆتەوە، ئەم دیاردە لەلای هەندێک ئاخێوەر ئەوەندە تۆخبۆتەوە، لە دەربڕینی هەندێک ڕستەدا تەواو سیمای زمانی عەرەبی تێدا بەدی دەکەیت، بۆ نموونە: وەسەر جسر گەعبر کرد. ئەگەر لەم ڕستەیە بڕوانین، ئەوە وشەکانی(جسر و عەبر) هەردووکی لە ژێر کاریگەری فەرهەنگی زمانی عەرەبییدا بەکارهێنراون. ڕاستە وشە وەرگرتن یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی زمانی زیندوو، چونکە لە وشە وەرگرتندا، ئەو وشەی لە زمانێکەوە بۆ زمانی تر دەگوازێتەوە، دەخرێتە ژێر یاسا ڕێزمانییە، واتا' ڕێگایەکە لە زمانی بێگانەوە لە ئەنجامی نەبوونی وشەی بەرانبەر بۆ ناونانی یا دانانی بەرانبەر بە دیاردەیەک کە لە زمانی کوردییدا بوونی نەبێت پەنا دەبرێتە بۆ وشەی ناکوردی لە زمانی ترەوە، بەڵام پێویستە بخرێتە ژێر بەر گونجانی دەنگسازییەوە'(ڕەفیق شوانی،٢٠١١:١٢١) بەڵام ئەوە بەلای ئاخێوەرانی ناوچەی خانەقینەوە بەدی دەکرێت، خواستنی وشەکەیە وەکو خۆی

یان بە ناتەواوی بخرێتە ژێر دەنگسازیی زمانەکەوە، بۆ نموونە: ئەگەر ئێمە وشەی (جبل) لە زمانی عەرەبییەوە بگوازینەوە بۆ زمانەکەمان، ئەوە دەڵێین(جەوەڵ)، یان وشەی (معرض) بۆ (مەعرزە)، بەڵام ئاخێوەرانی ناوچەی خانەقین وشە وەکو خۆی لە زمانی عەرەبییەوە وەردەگرن، یان کەمتر گۆرانکاری دەنگی تێدا دەکەن. لە دەڤەری خانەقیندا، بەهۆی ئەوە نزیکی سنوورەکەیەوە لە ناوچە عەرەبنیشانەکانی خوارووی ئێراق، لە دەمە دەمەی ئاخاوتندا، چەندین وشە نارەسەنی کوردی بەدی دەکرێت، کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون و تەواو سیمای زمانەکەیان تەنیوە. دیارە ئەمەش ئەگەر بەشێوەیەکەی پلاندارێژراو بێت یان خۆرسکی کاریگەری نەرێنی لەسەر وشەسازی زمانەکەوە بەجێدەهێڵێت.

**ئەنجام:**

پرۆسەی جێنۆسایدی زمان، لە ئێستادا لەسەر زمانی کوردی بە گشتی و لە ناوچەی خانەقیندا بە چڕی پەیڕەو دەکرێت لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەدا، گەیشتن بەوە کە زمانی کوردی لە دەڤەری خانەقینیدا لە ژێر مەترسییەکی گەورەدایە، چونکە ئاخێوەرانی ئەو زمانە، زیاتر لاربوونەوە و سۆزیان بۆ زمانی عەرەبی هەیە تا زمانی کوردی.

## سەرچاوە کوردییەکان:


۱.غەفوور مەخمووری،۲۰۱۰، بە عەرەبکردنی کوردستان، چاپی سێیەم،هەولێر.
۲.قەیس کاک تۆفیق،۲۰۰۷،ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان،چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر
۳.عوسمان کەریم عەبدولڕەحیم،ساڵ...،نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
۴.ئەدهەم رمضان، ئاریان ڕەئوف عەزیز،۲۰۱۷، گرنگی پێگەی سیاسی ستراتیژی خانەقی بۆ هەرێمی کوردستان، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان.
۵.سوداد ڕەسول،۲۰۱۴، مردنی زمان، گۆڤاری زمانناسی ژمارە(۱۵)،هەولێر.
۶.هەژار عەزیز سورمێ،۲۰۰۶، کورد و جێنۆساید و ئیبادەکردن:هەڵوێستی نێودەوڵەتی،چاپی دووەم، هەولێر.
۷.د.سالای باسیرە،۲۰۱۳، جێنۆساید لە یاساکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەنێودەوڵەتی کردنی،سلێمانی.
۸.گەیلان عەباس، جەبار ئەحمەد،۲۰۲۱، ئەنفال و جێنۆسایدی گەلی کورد.
۹.د.مارف عومەر گوڵ،۲۰۱۰، جێنۆسایدی گەلی کورد، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی پێنجەم، هەولێر
۱۰.د.دارا حەمید محەمەد،۲۰۱۷،جێنۆسایدی زمان(زمانی کوردی بە نموونە)، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان.
۱۱.د.رەفیق شوانی،۲۰۱۱، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای موکریانی، هەولێر.
۱۲.نیعمەت عەلی سایە،۲۰۰۴ڕێزمانی کوردی زاری کەلهوڕی، چاپخانەی شقان،سلێمانی.
۱۳.ئەمین قادر مینە، ۲۰۱۲ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان، بڵاوکراوەی دەزگای ئەکادیمی (ی ن ک)سلێمانی
۱۴.عومەر عادل عەبدوڵلا، ۲۰۲۳هەژاری فەرهەنگی ئاوەزی ئاخێوەران لە بەرهەمهێنانی وشە و زاراوەی نوێیدا، گۆڤاری دیوان ژمارە(۲۰).
۱۵.ڕۆژان نووری عبداللە،۲۰۰۷، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی،چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
۱۶.سوداد ڕەسول،۲۰۲۱، خوێندن بە زمانی هەورامی، گۆڤاری ڕامان۲۸۸.
۱۷.ڕۆستەم محەمەد ئەحمەد،۲۰۱۶، سینۆنیم لە زمانی کوردی ناوچەی گەرمیاندا، نامەی ماستەر زانکۆی سلێمانی.


## سەرچاوە عەرەبییەکان


۱.احمد موختار عمر،۲۰۰۹، صناعة المعجم الحدیث، علم الکتاب، القاهرة.
۲.سماح غفال،۲۰۱۲،التعریف المعجم الوسیط،رسالة ماستر، جامعة العربی بن المهدی